# پشوازیی فرمی لە ئەنقەرە لە پاشکۆی سەربازیی نوێی عێراق و یاریدەدەرەکەی دەکرێت

ماجید لەجماوی، باڵیۆزی کۆماری عێراق لە کۆماری تورکیا، ئەمڕۆ پێنجشەممە، پشوازی لە پاشکۆی سەربازیی تازە دیاریکراوی کۆماری عێراق لە تورکیا، لیوا خەلیل کەمال خەلیل کرد.

باڵیۆزخانەکە لە ڕاگەیەنراوەکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەبەع کەوتووە، ڕایگەیاند: "باڵیۆز ماجید لەجماوی، باڵیۆزی کۆماری عێراق لە کۆماری تورکیا، پشوازی کرد لە پاشکۆی سەربازیی تازە دیاریکراوی کۆماری عێراق لە تورکیا، لیوا خەلیل کەمال خەلیل و یاریدەدەرەکەی، عەقیدی ڕوکن محەمەد یوسف بەدر.

ئاماژەی بەوەشدا، کە باڵیۆز بەخێرهاتنی پاشکۆی سەربازی و یاریدەدەرەکەی کرد و پیرۆزبایی لێکردن بەبۆنەی دەستبەکاربوونیان لە ئەرکە نوێکانیاندا، و هیوای سەرکەوتنی بە خواستن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا، بە جۆرێک کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵاتی دەست بکات، و بەشداربێت لە بەهێزکردنی هەماهەنگیی دووقۆڵیی نێوان کۆماری عێراق و کۆماری تورکیا لە بواری سەربازی و ئەمنیدا.

لە لای خەیانەوە، لیوا خەلیل کەمال خەلیل و یاریدەدەرەکەی عەقیدی ئوکن محەمەد یوسف بەدر، سوپاس و پێزانینی خۆیان بە جەنابی باڵیۆز دەربەی لە بەرامبەر گەرموگوێیی پشوازییەکە، و جەختیان کردەوە لەسەر پەرەشییان بە خستنەگەڕی زەرترین هەوە بە ئاپەاندنی ئەرکەکانیان و پەرەپەدانی میکانیزمەکانی هەماهەنگی و هاوکاری بە جۆرێک کە ئامانجە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵات بدیبهێنێت